# فیدرالی بە هێز کردنی ڕژێمی عێراقە

ئەحمەد دەشتی

گەلۆ هەر لەو ساوەی کە کورستان لەت لەت کراوە ،بەشێکی کوردستان بەر عێراق کەوتوەو دەولەتی عێراقی هاتۆتەوکایەوە ئەوا گەلی کورد وەك تەواوی پارچەکانی تری کوردستان لە ژێر سایەی ئەو دەولەتە عێراقیەش هەمیشە چەوساوەتەوەو دوور بووە لە هەموو مافێکی میللی خۆی و نەی توانیوە وەك میللەتانی جیهان لە ناو مال و حالی خۆی دا خاوەن قەەواریەکی میللی خۆی بێت، لە هەر کاتێکیش داوای مافە ڕەواکانی خۆی کرد بێت ئەوا بەو پەڕی دڕندەییەوە پەلاماری دراوەو بە ئاگرو ئاسن و زەبر و زەنگ بە هەزاران هەزار ڕۆلەی لێ شەهید و زیندە بە چالّ و مال وێران کراوە، هەموو ڕژێمەکانی یەك لە دوای یەکی عێراقیش کە هاتونەتە سەر کاروە وکە هەمیشە کوردیش یەکێك بووە لە هۆکاراەکانی هاوکارو یارمەتی دەر بۆ بە هێز کردن و چەسپاندنی ئەو ڕژێمە دکتاتۆرانەی عێراق لە رابوردوو دا ئەوا ئەمڕۆش خەریکن کە هەمان خەسلەت زیندوو دەکەنەوە.

گەلۆ لە دوای ئەو هەموو قوربانی و روداوە تال و ناخۆش و پر لە مەینەتانەی کە ڕژێمەکانی عێراقی بە سەر کوردو کوردستانیان هێناوە بە تایبەت ڕژێمە جنایەتکارەکەی سەدام، بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەمیشە تا ئەمڕۆش پەندی لە ڕابردووە ناخۆشەکان وەر نەگرتووە، هەردەم لە کاتی بێ هێز بوونی وەلاتی داگیرکەری عێراق دا هەولی بە هێز کردنەوەی ئەو وەلاتەی داوە کە ئێستاش ناوی کورد و کوردستان بە شەرم دەزانن و هەر ناوی نابەن، بەلام ئێمەین وازیان لێ ناهێنین، کەچی هەمومان چاك دەزانین ئەو وەلاتەی بەشی عێراقی عارەبانیش کە کورد ئەمرۆش وا هەولی بە هێز کردنەوەیان دەدت هەرکاتێ کە بە هێزیش بوونەتەوە ئەوا دیسان بە گژمان دادێنەوە، بە داخەوە کەئەمڕۆ کەش وا دەبینین گەلی کورد دیسانەکە خەریکە ئەو برا نێرە زەلامانەی دژ بە خۆی زیندوو دەکاتەوە کە تەنیا ئێمە ئەوان بە برای خۆمان دەزانین و بەس ئەوان نەك باسی برایەتیمان ناکەن بەلکو هەموو هەست و بیرو بۆچونیان دژ بە کوردو کوردستانە، کەچی ئصمە وا وا خەریکین خۆمان لە بیر بکەین و دیسانەکە هەولی بە هێز کرنەوەیان دەدەینەوە کە سبەینێ بە گژمان دابێنەوەو دیسانەکەبە بەهێز بوونەوەیان کارەساە شومەکان بە سەر گەلی کورد بێننەوە، ئەمڕۆ کە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد داوای فیدرالی دەکەن لە عێراقێکی دیموکرات دا بە تایبەتی لەم هەل و مەرجەی ئەمڕۆ دا کە ڕژێمی ئێراقی بە دەستی زل هێزێکی وەك ئەمەریکاوە تەفرو تونا کراوە پێم ایە داوا کردنی بە هێز بوونی وەلاتی عێراقە کەوا ئێمەی کورد بە دەست و هەست و بیری خۆمان هەولی بە هێز کردنەوەو دروست کردنەوەی ئەو دەولەتەی کە من پێم وایە هەردوژمنە دیرینەکانی خۆمانن دەدەین بۆ بەهێز بونەوەیان.

ئەم خەسلەتە کۆنەی کورد کە لە کاتی بێ هێز بوونی دوژمنانمان دا هەولی بە هێز کردنەوەیان دەدەینەوەو هەموو شتێ لە یاد دەکەین هەروەك دەبینین کە بۆ ئەو مەبەستە وا خەریکە خۆمان هەر لە بیر بکەین و چاوەڕوانی بە هێز بوونەوەیان دەکەین، کورد مەسەلەیکی هەیە دەلێت (تا نەنێ لە تەبەق قەت نالێ سەدەق) !!!

گەلۆ ئەگەر لە عیراق دا کە زۆرینەی کورد نین و سبەی ڕۆژێ پەرلەمانێ هاتە کایەوەو ئەو پەرلەمانە بە زۆرینەی دەنگەوە، داخوازیەکانی کوردی وەك کورد دەیەوێت ڕەت کردەوە ئەوکاتە دەبێ چی روبدات و کورد چی دەکات کە من پیشم وایەئەو پەرلەمانەی عێراقی داخوازیەکانی ڕاستەقینەی کورد هەر ڕەت دەکاتەوە؟

من پێم وایە هەلەیکی مێژووییمان بۆ هەلکەوتووە سا دەبێ کورد هەرگیز چارەنوسی خۆی لە دەستی خۆی وەدەر نەخات و نەیخاتەوە دەست عێراقیان، پێم وایە دەبێ هەر لەم ڕۆڕا کورد بۆ خۆی بڕیاری چارەنوسی میللی خۆی بدات و لە بەر چاوی جیهانیان داوای مافە سەرەکیەکانی میللی خۆی کە سەربە خۆیی کوردو کوردستان بڕیاری لە سەر بدات و داوای بوونی وەلاتێکی کوردی بکات، کە ئەمە بۆ خۆی ئەوپەڕی دیموکراتیەتەو کوردێك نیە کە ئەم مەرامەی ئاوات و ئامانج نەبێت، ئەمڕۆ باشترین هەلە کە دەبێ گەلی کورد خۆی لەو هەموو بەندو بالۆرەی دوژمنانی کورد ڕزگار بکات و تا جارێکی تر ئەو برا نێرە زەلامانەمان نەیەنەوە گژمانەوەو دیسان خۆلمان لە تورەگە نەکەنەوە، وەك مام هەژاری نەمر لە شیعرێکی دوورو درێژی دا بە ناوی قەوانە شڕە دەفەرموی و دەلیت:

بە فەرموودەی ئەو لە ژیـــنا

هاوبەشین لە شــادی و شینا

شین بۆ من و شـــــایی بۆ ئەو

من ئەبێ لەڕ بم و ئەو قەلەو

منیش وەکو کوردێك پێم وایە بەسیەتی دەبێ کوردیش بڕیاری وەدی هاتنی ئارەزووە دیرینەکانی خۆی کە سەربەخۆیی کوردو کوردستانە بدات و ئەم هەلە گەورەیەی ئەمڕۆکە لە دەست نەدەین و با هەموو هەولێکمان تەنیا بۆ کوردو کوردستان بێت و چیمان لەوانەی کە ئەو هەموو کارەساتانەیان بە سەر هێناوین و واز لە زیندوو کردنەوەی دوژمنانی خۆمان بێنین، چونکە هەرکات کە ئەوان بە هێز بنەوە ئەوا پێم وایە (هەمان تاس و هەمان حەمامە) .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org